کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 18:49بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ببورە (دوعا) گیان ئێمە شەرەفمان لەتۆی نیشتیمانمان خۆشتر دەوێ!! ... سلێمان عەبدوڵڵا یونس

slemanyunes@yahoo. co. uk

ئەو کاتانەی ڕووسوریەکەم، بەسەر دەستی مێردەکەم و
کۆمەڵێک پیرێژنەوە، دەگەڕێنن کۆڵان کۆڵان
یەزدان
تۆ بڵێی لەشەرمانا نەبم بەپارچەیەک گریان!
من شەرەفی پیاوەکەمم
بەڵام ئەو شەرەفم نییە
من لەپەراسوی چەپم
من شەیتانم!
(کەژاڵ ئەحمەد)



دوعا تەنها کچە کوردێکی یەزیدی عاشق نەبوو، دوعا نیشتیمانێک بوو لە ئەوین بۆیە کوشتمان، ببورە دوعا گیان ئێمە کوردین خەڵکی وڵاتی پیاوەتی و شەرەف و ناموسین، ئێمە دڵڕەقترین بەندەی خوداین، ئێمە هەمیشە لەناخماندا جەهالەتێک کڵپە دەکات، جەهالەتێک کە لە سێکوچکەی ناموس و خوێن و تۆڵەوە هاتووە، ببورە کوردستان ئەگەر لەمەرگی (دوعا) دا جەسارەت بکەم و بڵێم کە ناتوانم وەکوو (محەمەد ماغوت) بم، بڵێم من جووتە پێڵاوەکەشم بەتۆمەوە نابەستێتەوە، ئاخر من لەئاست مەرگی دوعادا دووجار شەرمەزارم، جارێک وەکوو کوردێک، جارێکی دیکەش وەکوو پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی.

ببورە، دوعای بێمرادی هەموان، ئێمە خیانەتمان لە نیشتیمان و ژن و ئازادی خۆشتر دەوێ بۆیە وا بەڕقێکی ئەستوری پیاوانەی کوردانەوە هەنجن بەهەنجنمان کردی، ببورە، ئێمە دەمێکە سەربەستی نیوەی کۆمەڵکەی خۆمانمان بەدەستاری شەرەف هاڕیووە، ئێمە دەمێکە دڕندەی گۆشتخۆری دارستانێکی ئەم وارەین و نێچیرەکانیشمان ئێوەی خوشک و دایک و ژنە، بۆیە ئاوا نامەردانە لەخوێنی کچێنی خۆتدا خنکاندمانی.

ببورە، تۆ تەنیا شەهیدی دەستی غەدری ئێمەی پیاونیت، ئێمە دەمێکە جاڕماندواوە کوردایەتی لە پیاوەتیمانەوە هاتووە، ئێمە لێکدانەوەیەکی پیاوانەمان هەیە بۆ کوردایەتی و کوردپەروەری، ئێمە کوردپەروەرێکی خائینین ئەگەرنا خۆتۆش کورد بووی، ئێمە کەتۆمان زیندەبەچاڵ کرد دەمانزانی خیانەت لە کوردپەروەریمان دەکەین، دەمانزانی جارێکی دیکەش بەغەدرێکی کەڵگەتەوە ئازاری شۆڕش و ڕاپەڕین و وڵاتماندا!!

ببورە ئێمە هەر لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی ڕاپەڕینەوە بەخەتێکی درشت لەسەر کوردستانمان نوسی، نە سەرۆکی هەرێم و نەسەرۆکی پەرلەمان و نە سەرۆکی حکومەت و نە وەزیری داد و مافیش لە کوشتنی ژنان بەتۆمەتی پاراستنی شەرەف و ناموس بەرپرسیار نین، ژنان خۆیان بەرپرسیارن لەدروست بوونیان وەکوو ژن!! ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین کە شەرەفمان لەتۆی نیشتیمانمان خۆشتر دەوێ!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.